# سلێمان قەرەچووغی کلیپی حەیران و گۆرانییەکانی بڵاوکردەوە




(بێژینگ بەسەر) ناونیشانی چەند کلیپێکی بڵاوکراوەی هونەرمەندی حەیرانبێژ (سلێمان قەرەچووغی)یەو لەو ماوەیە لەلایەن (سەنتەری تیشکی نوێ) بڵاوکرایەوە، لەلێدوانێکیدا بۆ

دەنگی مەخموور (سلێمان قەرەچووغی) رایگەیاند کە ناونیشانی سیدییەکەی (بێژینگ بەسەر) ـەو لەچوار کلیپ پێکهاتووە لەوانە: (گەشت و راو)و (نەورۆز)و (بێژینگ بەسەر)و (لاوکی دەخایلۆ)، هەروەها ئەوەی خستەڕوو کە لەگەڵ حەیرانەکانیدا دوو گۆرانیشی کلیپ کردووە، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە سەرجەم کلیپەکانی لە زۆربەی کەناڵە لۆکاڵییەکاندا هەیەو ئێستا بەخش دەکرێت، بەناوی دەنگی مەخموور وێڕای دەستخۆشی و پیرۆزباییمان لەهونەرمەندی هیوای هەمیشە سەرکەوتنی لەکارە هونەرییەکان بۆ دەخوازین.



سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

زمارە: (٣٤٤)
رۆژ: ٣ / ٦ / ٢٠٠٩

تۆماری یاسایی

بەپێی برگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007 کە لە 2008/9/22 بریاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت رۆژنامە/ گۆڤاری ( دەنگی مەخمور ) کە خاوەن ئیمتیازی ( جەمیل محەمەد قادر ) و سەرنووسەرەکەی (بەختیار محەمەد عەزیز)، مەرجە یاساییەکانی تیدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی ( ٣٤٤ ) تۆمار کرا..

فەرهاد عەونی
نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر ٣ / ٦ / ٢٠٠٩

# ( گەنج و سەردەم )ی مەخموور وێنە دەگیرێت

**تایبەت بە (دەنگی مەخموور)**

لەدووەم چالاکیدا گروپی (خەندەی شەو) لەسەر ئەرکی ئەندامانی گروپەکەی فیلمێکی تری (کۆمیدی - تراژیدی) وێنە دەگرێت.

لەچەند رۆژی رابردوو گروپی (خەندەی شەو) کە لە کۆمەڵێك ئەکتەری بەتوانای شاری مەخموور پێکهاتوون، دەستی کرد بەوێنەگرتنی دووەم فیلمی (کۆمیدی - تراژیدی) بەناوی (گەنج و سەردەم)، کە لە نووسین و سیناریۆی (رەعەد سەعدی)و لەدەرهێنانی هەریەك لە هونەرمەندان (جەلال خەیلانی و رەعەد سەعدی)و وێنەگرتنی (بارزان ساڵەیی)ەو بەبەشداربوونی نزیکەی دە هونەرمەندی تری شارەکە، ئەمەو بیرۆکەی فیلمەکە باس لە گەنجێك دەکات کە بەهۆی رەوشتی خراپ و لەخۆبایی بوونیەوە سەروەت و سامانی باوکی بەهەدەر دەبات، سەرچاوەیەکی نزیك لە گروپەکە رایگەیاند کە فیلمەکە لە بڵاوکردنەوەی تۆمارگای (دونیا)یەو ئێستا بەردەوامن لە وێنەگرتن و بەهیوای ئەوەی بەم زووانە فیلمەکە بکەوێتە بازاڕەوە.



**فۆتۆ: خەلیل پالانی**

هونەرمەند رزگار ئەمیر:

# تەواوی خەڵکی مەخموور بە پاڵپشتی خۆم دەزانم

**زریان مەخمووری**



رزگار ئەمیر مەجید یەکێکە لەگۆرانیبێژە لاوەکانی شارۆچکەی مەخموور لەساڵی ١٩٩١ لەدایکبووە، ساڵی ٢٠٠٦ هاتۆتە نێو دونیای هونەری و لەساڵی ٢٠٠٨ دوو گۆرانی تۆمارکردووە. دەنگی مەخموور بەپێویستی زانی ئەم هونەرمەندە لاوە بەسەربکاتەوە.

سەبارەت بە دەستپێکی کاری هونەری خۆی گوتی "ساڵی ٢٠٠٨ بەهاوکاری چەند برادەرێك توانیم دوو گۆرانی تۆمار بکەم کە لە ئاوازی (کامیل ئیبراهیم) بوو، دابەشکردنی مۆسیقا لەلایەن عیماد جەوهەرو شیعرەکانیش هی باوکی ئازیزم (ئەمیر مەجید مەخمووری) بوون، لێرەوە زۆر سوپاسی کارزان غەمگین دەکەم کە بەردەوام هاوکاری و پاڵپشتی سەرەکیمە لە سەرکەوتنی کارەکانم"، زۆربەی ئەو کارە هونەرییانەی رزگار ئەنجامی داون بە بێ هاوکاری هیچ لایەنێك نەبووە وەك خۆی دەڵێت "لە رووی ماددییەوە هیچ لایەنێك هاوکاری نەکردووم ئەوانەی کردوومە خۆبەخشانە بۆیان کردووم"، رزگار وەك هونەرمەندێکی لاو لە رێگەی رۆژنامەکەمانەوە سوپاسی خۆی بۆ هەریەك لە مامۆستایان (جەمیل سنجاوی و جەمال جەمیل) و هونەرمەندان (سالار نەورۆز و کامیل ئیبراهیم و عیماد جەوهەر و ریاز سەدیق) دەربڕی، هەروەك ئاماژەی بەوەشکرد "سوپاسی هەموو هونەرمەندانی دیکە دەکەم کە بەماددی و مەعنەوی هاوکاریم دەکەن و هانم دەدەن، هەر بۆیە من تەواوی خەڵکی مەخموور بە پاڵپشتی خۆم دەزانم".

# نهێنییەکانی ( اناو لیلی )ی کازم ساهیر



(حەسەن ئەلمەروانی) گەنجێك بوو لەگەنجەکانی ناوچەی (زەعفەرانیە) کە ناوچەیێکە لەناوچەکانی سەر بە (بەغداد)ی پایتەخت، (ئەلمەروانی) گەنجێکی هێمن و رەوشت بەرز بوو لەخێزانێکی هەژار، کاتێك کە چووە زانکۆی (بەغدا)، کۆلیژی ئاداب، لەهەمان کۆلێژ عاشقی کچێکی کەرکووکی دەبێت، کە ناوی (سندس)ە، بەڵام ناوی (لەیلا) ناوێکی خواستراوە هەر لەکۆنەوە لەشیعری عەرەبی بۆ خۆشەویست بەکاردێ، ئەلمەروانی خۆشەویستی خۆی بۆ (سندس) دەردەخات ئەویش زۆر بە توندی بەریەچی دەداتەوە، دوای دوو ساڵ دووبارە خۆشەویستی پێشنیار دەکاتەوە، بەڵام هەمیسان رەتی دەکاتەوە، ئەمەش بووە هۆی تەقینەوەی کانیاوی شیعری و نووسینی وشەگەلێك کە هیچ وشەگەلێك لەم سەردەمەدا بەجوانی ناگات، چونکە لەدڵێکی بریندار دەرچوو، پاشان (سندس) شوو بەکورێکی دەوڵەمەند دەکات هەر لەهەمان کۆلێژ، شاعیر ئەم شیعرەی خوێندووەتەوە لەیەکێك لەهۆڵەکانی کۆلێژی ئادابی (بغداد) کە (سندی)یش لەوێ ئامادەبووە ودوای تەواو بوونی شیعرەکەش (سندس) بە گریانەوە دەچێتە دەرەوە، پاشان ئامادە بووان داوای دووبارە کردنەوەی شیعرەکە دەکەن و ئەویش هاتنەوەی (سندس) بۆ ناو هۆڵەکە دەکاتە مەرج و ئەوانیش (سندس) دەگەڕێننەوە پاشان دووبارە شیعرەکە دەخوێنێتەوە.

چۆنیەتی گەیشتنی (کازم) بەم شیعرە: لە ماوەی هەشتاکاندا رۆژنامەیێك لە عێراق دەردەچوو کە زۆر لەناو گەنجان بڵاو بوو، ئەم رۆژنامەیە لە هەموو لایەنەکانی تایبەتمەندی خۆی هەبوو، یەکێك لەلایەرەکانی تایبەت بوو بە چالاکی شیعری، لەیەکێك لەژمارەکانی ئەم شیعرە بڵاوکرابووەوەو پلش ئەوەی چاوی (کازم) دەکەوێتە سەر ئەم وشە جوان و بەپێزانە، بریاری دا کە بەدوای شاعیرەکەی دا بگەڕێت، ئەو هەموو هۆنراوەکەی لابوو، هەموو ئەو کەسانەی کە ئەیانووت ئێمە خاوەنی ئەم شیعرەیین نەیانتوانی تەواوی بکەن، تا گەیشتە شاعیرە راستەقینەکەی خۆی، کازم بۆ ماوەی ٨ ساڵ ئاوازی جیاجیای بۆ دانا تا لەکۆتاییدا لەگەڵ (ئەلمەروانی) لەسەر ئەم ئاوازەی ئێستا رێککەوتن.

ئەوەیش کە یارمەتی (کازم)ی دا بگاتە شاعیری راستەقینەی ئەم شیعرە کوری خاڵی بوو کە شاعیر بوو، لەو کاتەشدا (ئەلمەروانی) لە بواری وانە ووتنەوە لە (لیبیا) کاری دەکرد.

بە (معلقە)ی ئەم سەدەیە ناسراوە و گۆرانیەکەیشی پلەی شەشەمی لەسەر ئاستی جیهان و یەکەمی لەسەر ئاستی عەرەبی بەدەستهێناوە، هەروەها وەکو باشترین گۆرانی سەدە هەڵبژێردراوە بەپێی رایرسی BBC و وەرگێڕراوەتە سەر نزیکەی پێنج زمان.

**و: موزەفەر قەسرەیی**

# حەوت بنچینە بۆ بەختەوەریت

* رقت لە کەس نەبێت هەرچەندە لە بەرامبەرتدا هەڵە بکەن.
* هەرگیز خۆت تووشی دڵەڕاوکێ مەکە .
* بەسادەیی خۆت دەربخە، هەرچەندە پلەت بەرزبێت.
* پێشبینی خۆشی بکە هەرچەندە ناخۆشییەکان زۆر بن.
* زەردەخەنە بخە سەر لێوت هەرچەندە دڵت خوێنی لێبچۆرێت لەناخەوە غەمباربێت.
* یارمەتی کەسانی دەوروبەرت بدە (ماددی و مەعنەوی) .
* لە دڵەوە هیوای سەرکەوتن بۆ هاورێیانت بخوازە.

# لە مەخموور تەعریب بەردەوامە!




کۆمپانیای ئاوی تەندروست لەمەخموور کە خاوەنەکەی کوردەو بە تابلۆو ناوی عەرەبی ( الینابیع ) کرایەوە!

فۆتۆ ( خەلیل پالانی )

## حەیرانێك بە یادی جاران

( حەیران لە پەنا سەرگینێ،
ئەوجا ئەمن دەرێم وەرە خۆمان
مات کەین کەس نەمان بینێ،
ئەتو سینگێ خۆت لۆم واراکە
مەمکت لە بۆم بکە بالیف،
هەتا سبەینێ دەوت لەناو دەوی نێم و
بگرم مەمکێ دیکەت،
ئۆخەی دەرێ ی هەرمێ یە
لەسەر ئەوێ سینگێ توو
بە جۆت خەومان لێبکەوێ
کەس هەرمان نەستێنێ )

## واڵا



**خەلیل پالانی**

**بەڵێ..**

# مەخموور جیاوازە!

لەمانگی رابردوو وەزارەتی (کشتوکاڵ) بەکردنەوەی وەرشەیەك و وەزارەتی (کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) بەکردنەوەی سەنتەرێك بۆ منداڵان هەریەکەو پرۆژەیەکی لەمەخموور ئەنجامدا، هەرچەندە ئەم هەڵمەتانەی ئەو دوو وەزارەتەی حکومەتی کوردستان جێگەی دڵخۆشیەو ئەرکێکی حکومەتە بەرامبەر بەخەڵکی ئەو ناوچانەو پێویستی بە سوپاسکردن نیە، لێ لەچاو پێداویستییەکانی ئەو دەڤەرە بە پرۆژەی جۆراو جۆری لەبوارە جیاجیاکانی تر، کە لەماوەی رابردوو خراونەتەڕوو، ئەو دوو پرۆژەیە وەکو مەمەی خافڵاندن دێنە بەرچاو.

خۆ ئەگەر بەهەمان ریتمی ئەو دوو وەزارەتەش وەزارەتەکانی تریش لەبواری کاری خۆیان ئاورێکیان لەو دەڤەرە بدابایەوە، ئەوا کەمێك لە ئێش و ئازارەکانی ئەو خەڵکە کەم دەبوویەوەو ئەوکات زمان کورت دەبووین بەرامبەر بەحکومەتەکەمان و دەبوا ئەشهەدو بکەین بۆ ئەوەی پرۆژەی باشی لەدەڤەرەکەمان ئەنجامداوە، جا ئەگەر نەکرێت بەچیتاندا هەڵدەین.

ئێستا خەریکە لەوادەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان نزیك دەبینەوەو ئەو کابینەیەی حکومەتیش ئێکسپایەر دەبێت و کابینەیەکی تر دادەنرێت، گەرەکە ئە کابینەی حکومەتی کوردستان بەر لە هەڵوەشانەوەی وادەکانی بۆ دەڤەری مەخموورو ناحیەکانی قەراج و کەندێناوە و گوێڕ بێنیتەجێ و ئەو وادانەش وەکو وادەکانی (عومەر فەتاح)ی جێگری پێشووی حکومەتی کوردستان نەبێ، کاتێ لەنێو ئاپۆرای جەماوەرێکی فراواندا کۆمەڵێك وادەی بەئەنجامدانی پرۆژەی جۆراوجۆر لە مەخموور داو بریار بوو لەماوەی ساڵێکدا بەئەنجام بگەیەنرێ، کەچی ساڵ تێپەڕی و دەستی لەکار کێشایەوەو هیچ کامێك لەوادەکانی بۆ مەخموور بەجێنەگەیاند.

بۆیە پێویستە حکومەتی کوردستان و بەپلەیەك بەڕێز (نێچیروان بارزانی) سەرۆکی حکومەتی کوردستان هەرچی زووە جارێکی تر بەنووسراوێکی خێرا، پاڵەپەستۆ بخاتە سەر وەزارەتەکانی حکومەتەکەی، بۆ ئەوەی دەڤەری مەخموورو ناحیەکانی دەوروبەری بەسەر بکەنەوەو پرۆژەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، بەتایبەتی وەزارەتەکانی (تەندروستی)و (دەرامەتە ئاوییەکان)و (کارەبا)و (ئاوەدانکردنەوە)و (شارەوانی)و (ژینگە)و (پەروەردە)و (وەرزش و لاوان)و (گواستنەوە)و (رۆشنبیری)و (کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان)، چونکە مەخموور لەچاو شارو شارۆچەکانی تر زۆر فەرامۆش کراوەو لەکەمی پرۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەوە، سیمایەکی ناشارستانی هەیە، لەبەر هەندێ دەبێژم بەڵێ مەخموور جیاوازە.